کەرسە ناسەرەکیەکانی رستە :

مەبەست لە کەرسە ناسەرەکیەکان ئەو کەرسانەن ،کە لادانیان نابێتە هۆی تێکچوونی واتای رستەکە ،واتە بوونیان لە رستە بە ئارەزووە بۆ زیاتر روونکردنەوە و زانیاری زیاتر لە رستەدا بەکاردەهێنرێن.

1- بەرکاری ناراستەوخۆ:

کەرەسەیەکی ناسەرەکیە ،کە ناراستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری کارەکە .بۆ نموونە :

-من نامەکەم بۆ ئەوان نارد.

-من ئەم بە پەروین ناساند.

بەرکاری ناراستەوخۆ لە شێوەی گرێی بەندایە واتە ئامرازی پەیوەندی لەگەڵدایە.

2-ئاوەڵگوزرارە :

کەرەسەیەکی ناسەرەکیە، بەشێکە لە گرێی کاری و فراوانی دەکات و روویەکی کاری رستەکە روونەدەکاتەوە ، ئاوەڵگوزارە لە رووی ناوەرۆکەوە دەبێتە چەند جۆرێك ( کات ، شوێن ، چۆنیەتی ،.....هتد ) لەرووی شوێنەوە ئاوەڵگوزارە کەرەسەیەکی بزێوە دەتوانێ لەناو رستەدا شوێنی بگۆرێت .

1-ئاوەڵگوزارەی شوێن:

ئەو ئاوەڵگوزارانەن کە ئاماژە بە شوێنی رووداني کارەکە دەکەن.

-من لە ماڵەوە دەخوێنم.

-ئەوان بۆ دهۆك چوون.

-ئەو لەسەر بانەکە خەوتووە .

2-ئاوەڵگوزارەی کات :

ئەو ئاوەڵگوزارانەن کە ئاماژە بۆ کاتی رووداني کاری رستەکە دەکەن.

-ئێمە لە دوێنێوە چاوەرێین.

- پارساڵ بەیەکەم دەرچووم.

3-ئاوەڵگوزارەی هۆ:

ئەو ئاوەڵگوزارانەن کە هۆکاری ڕوودانی کاری ڕستەکە ڕووندەکەنەوە.

- منداڵەکە لە برسان دەگریا.

-ئەو لە خۆشیان پێدەکەنی .

4-ئاوەڵگوزارەی چۆنیەتی :

ئەو ئاوەڵگوزارانەن کە چۆنیەتی ڕوودانی کاری ڕستەکە ڕووندەکەنەوە.

-ئێمە بەباشی دەخوێنین.

-ئاراس بەخێرایی هات.

- ئەوان زۆر باش ڕادەکەن .

-